# حوكمی لەدەست یان لە مل كردنی پەت و دەزوو

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێخ عبد العزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تعليق الخيط في الرقبة أو اليد

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمه: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی لەدەست یان لە مل کردنی پەت و دەزوو

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی شێخ عبدالـعزیز بن بـاز کراوە ( ڕەحمـەتـی خوای لـێ بێت ) :

**پرسیار** : حوکمی لـەدەست و مل کردنـی پەت و دەزوو بـە مـەبـەستـی نـەهێشتن و لادانـی بـەڵاو خراپە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گـەورە ومیهرەبـان، وە درود و صەڵات وسەلام لـەسـەر محمد الـمصطفی وئـال وبـەیت ویار ویاوەرانـی هـەتا هـەتـایـە .

هـەندێك لـەو کارانـە ڕێگری لـێ دەکرێت، چونکە شیرك وهاوبـەشدانـانـی بـچووکە، وجۆری نوشتـەیـە، پیغـەمبـەریش (صلـی اللـه علیـه وسلم) فـەرموویـەتـی : « من تعلق تميمة فلا أتم الله له، ومن تعلَّق ودعة فلا ودع الله له » [ مسند أحمد (٤/ ١٥٤) ، ومستدرك الـحـاکم (٤/ ٢٤٠) ، وصححـه الـحـاکم ووافقه الذهبي ] .

واتـا : هـەرکـەس دڵـی بـەنووشتـەیـەکـەوە پابـەندکردووە ئـەی خوایە بۆی تـەواو نـەکـەیت، ئـەوەی کە دڵـی بـە ودعـەیـەکـەوە پابـەند

کردووە (ودعە مەبەست ئەو شتە سپییەیە کە وەك مرواری وایە لە دەریا دەردەهێنرێت، عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیدا بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی لەزیانی چاوپیسی وجنۆکە پارێزراو بن) ئەی خوایە مەبەستەکەی بەجێ نەهێنیت .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « من علق تميمة فقـد أشرك » واتە : هەرکەس نووشتەیەك هەڵبواسێت ئەوە هاوەڵی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە ...

کاتێکیش حوزەیفەی کوڕی یەمان (خوای لێ ڕازی بێت) چوو بۆلای پیاوێك بینی کە مەبەستی چاك بوونەوە لە گرانەتا پەت و دەزوویەکی کردبوو بە خۆیەوە، حوزەیفە پەتەکەی لەو کابرایە قرتاند و ڕێگریشی لێ کرد، وئەمجا ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە : ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ [ سورەتی یوسف ئایەتی : ١٠٦ ] واتا : جا زۆربەی زۆری خەڵکی باوەڕناهێنن بە خوای تاك و تەنها، بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (بێگومان ئیمان و

باوەڕی وا هیچ نرخی نیە و خـــوای گەورە لەو تاوانە خۆش نابێت ) .

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جۆرە کارە شیرك وهاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، هەڵواسینی پەت و دەزوو و نوشتە و موروو، یان ئێسکی ئاژەڵ و موو ودانی گورگ، هەموو ئەمانە کۆمەڵە شتێکی خورافی و پڕوپووچ و نەفامیە، وجۆریکە لە خراپە و تاوان و دەبێت ڕێگری لێ بکرێت .

هەر بەو شێوەیە هەڵواسینی نوشتەیەك کە هەندێك جار ئایەتی قورئانیشی تێدایە، و پێی دەڵێن ( الحروز ) واتا : قەڵای قایم، وە پێیشی دەوترێت ( الجامعات ) واتا : کۆکەرەوەکان، هەموو ئەمانە دروست نیین، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە شێوەیەکی گشتی ڕێگری لەهەمووی کردووە، و ئەو نوشتە وپارچە پێستانەش دەگرێتەوە کە قورئان و غەیری قورئانیشی تێدایە، چونکە بەکارهێنانی قورئان لەم جۆرە شتانەدا سەردەکێشێت بۆ ئەوەی غەیری قورئانیش، ئەوەش دەرگایەکی شیرك وهاوبەشیدانان بۆ خوای گەورە دەکاتەوە، هەر

لەبەر ئەوە دەبینین پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « إن الرقــى والتمائم والتولة شرك » [ سنن أبي داود برقم (٣٨٨٣) ، ومستدرك (٤ / ٢٤١) وصححە الحاكم ووافقە الذهبي ] واتا : واتە : ڕوقیە (مەبەست پێی ڕوقیەی نامەشروعە ) ولەگەڵ نووشتە و ئەوەی پێی دەوترێت چەوری وشیرینی نێوان ژن وپیاو هەر هەموو شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای گەورە .

مەبەست لە ڕوقیەش بە شێوەیەکی ناو نەهێنراو کە باسکراوە، مەبەست پێی ئەو ڕوقیەیە کە بە شێوەیەکی ناشەرعی دەکرێت، هەر بەو شێوەیە دەبینین کە نوشتە هەڵدەواسرێت بە منالدا بەمەبەستی پاراستنی لەچاوی خراپ، یان هەڵدەواسرێت بە ئافرەتان ونەخۆشەوە لە پێناو پاراستنیان لە جنۆکە، هەموو ئەمانە بێگومان کاری خراپن و لەکردەوەی سەردەمی نەفامین .

مەبەستیش لە التولة : چەوری وشیرینی نێوان ژن وپیاوانە گوایە ئەو نوشتەیە دەکرێت بۆ ئەوەی ژنان لای پیاوەکانیان خۆشەویست بکەن، ئەوەش جۆرێکە لە سیحر و جادوو، پێغەمبەری خوایش (صلی اللە علیە وسلم) بە شیرکی داناوە، چونکە داوای

یارمەتی و کۆمەکی لە شەیتانەکان وجنۆکەکانی تێدا دەکرێت، ژن و پیاوی جادووگەر بەهۆی ئەو جادووەی کە فێری بوون و عیبادەتی جنۆکە و شیەتانەکانی تێدا ئەنجام دەدەن هەندێك شتیان بۆ پێش دێت، ئەویش بۆ ئەوەی زیاتر کەمەندکێشیان بکەن بۆ ناو شیرك وگومڕایی بۆ ئەوەی بەو کارەیان ڕازیان بکەن .

پەت و دەزوویش : جۆرێکن لە نوشتە و ( تەمائم ) هەرکەسێك بیکاتە دەستیەوە، یان گەردنیەوە، و وا بزانێت کە هۆکاری شیفا وچاك بوونەوەن لە نەخۆشی، ئەوەش جۆرێکە لە خراپە و تاوان و گوناهـ ، و واجبە کە بپچڕێنرێت و لێ بکرێتەوە ..

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە: سایتی شێخی پایە بەرز عبد العزیز بن باز رەحمەتی خوای لێ بێت www.binbaz.org